# سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شرۆڤەی دەسەڵاتەکانی لە روانگەی یاسای دەستوورییەوە

عوسمان عەلی
مامۆستای یاریدەدەر- کۆلێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کورستانی عێراق، وەرچەرخانێکی بنەڕتی و دەستپێکی قۆناغێکی یەکجار جیاواز لە پێش خۆیان پێکدێنن، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کە زیاتر لە سەدەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافی وەکیەکی کورد لەگەڵ ئەوانی تردا تێدەکۆشێ، بەچەندین ڕێکەوتننامە و بڕیاری نێودەوڵەتی سەردەمی هەردوو ڕێکخراوی نێوەدەوڵەتی: کۆمەڵگەی گەلان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تێپەڕیوە..

نامانەوێ کە سات و حاڵی وێستگە سەرەکییەکانی ڕابوونی نەتەوەیی و ، ڕۆڵی کورد لەململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا ڕاڤەبکەین و لەم ناوەشدا کارایی کورد لەوەرگرتنی مافەکانی بخەینە ڕوو بەڵکو تەنها ئەوەندە دووپات دەکەینەوە کە کورد نەیتوانیوە ژیرانە و لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیسلامی و ئاڵۆگۆڕەکان و پێشهاتەکانی دوای وەستانی جەنگی یەکەمی جیهاندا بکات.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و هاتنە ئارای نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ لەدایکبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابوونی سەرکردەی کاریزمی بێ وێنە و بێ هاوتای نەتەوەیی بارزانی مستەفاو نالەباری بارودۆخی نێودەوڵەتیدا، بارزانی مستەفا وێڕای دارشتنی بەرنامەو سیستەمی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی و ئازادیبەخشی کورد، کە ئەمە لەیەکەم پرۆگرام و یەکەم کۆنگرەی بڕیارلەسەردراوی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا ڕوون دەبێتەوە، هەروەها دواتریش لە نامە سیاسی و مێژووییەکانی بۆ سەرکردەکانی وڵاتان لەسەروویانەوە ڕووسیا و

ئەمریكاو گوتار و پرۆژە و ستراتیژو تاكتیكەكانی لە دانوستاندنە یەك لە دوای یەكەكاندا لەگەڵ رژێمەكانی عێراق بۆ دەستەبەركردنی مافی چارەنووسی گەلی كوردستان، بە دروستی و زانستی لە بەرچاوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی دوور لە سۆزو بەوپەڕی هۆش و خوێندنەوەیەكی ژیرانە بڵێین بارزانی مستەفا، تاكە سەركردەی نەك كوردە بگرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، كە لە مێژووی بزاڤی بێ پسانەوەی خۆیدا، زیاتر لە چوارجار بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئاریشەو گرفتە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەكییەكان، رژێمە ناوەندییەكانی بەغدا ناچار بكات كە كیشەی كورد بێنێتە تۆماركردن، هەر لە رێككەوتنی ساڵی ١٩٤٤ی نێوان بارزانی و نوری سەعیدو، هەڵی رسكاوی شۆڕشی ١٤ی تموز١٩٥٨ و دەستووری كۆماری و رێككەوتنی ساڵی ١٩٦٤ و ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و دواترین و بەرچاوترینیان رێككەوتننامەی ١١/ئازاری/١٩٧١ و ئینجا پرۆژەی فیدراڵی ١٩٧٤.

لەگەڵ هاتنە ئارای سیستەمی نوێی جیهاندا، بزاڤی سیاسیی نەتەوەیی كورد، ژیرانە هاوكێشەكانی لە خەباتدا خوێندۆتەوە و واقیعیانە مامەڵەی كردووە، لەگەڵ فاكتەرە ناوخۆیی و دەرەكییەكاندا لە خیتابە سیاسییەكانیدا هەرچی زووتر هەوڵی بەدیهێنانی قەوارەی سیاسی و دەوڵەتی یاساو دامەزراوەی یاسایی و شەرعیەتی دیموكراتی جەماوەری داوە، ئەگەرچی كێشە و گرفت هاتە ئاراوەو لە خوێندنەوەی رەخنەیی بەدەر نییە. بەرەی كوردستانی، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی و دیفاكتۆی بۆ ماوەیەكی كورت دوای ئاداری ١٩٩١ لە كوردستان بەڕێوە دەبرد. بۆ ئەوەی بۆ جیهان بسەلمێنێ كە گەلی كوردستانی عێراق لە توانایدایە كاروباری خۆی بەڕێوە ببات لە ژێر رۆشنایی بنەما دانپێدانراوو زانراوەكان لە ئەمڕۆی جیهان و بەگوێرەی پێوەرو رێككەوتننامە نێودەوڵەتی و دابەكانی، بەگیانێكی سەردەمانە و لەگەڵ دەرهاوێشتەكانی سیستەمی نوێی جیهاندا خۆی گونجاند.

**ئەم باسە بەم شێوەیە دابەش دەكەین:**

١- دەروازەیەك بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی یاسایی سەرۆكی هەرێمی كوردستان
٢- رێكخستن و دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە دەوڵەتدا.
٣- تایبەتمەندییەكانی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمەكان.
٣-١: بوونی رێكخستنی دەستووری تایبەت بە هەرێمەكان.
٣-٢: بوونی مافی ئازادی خۆرێكخستنی هەرێمەكان.
٣-٣: مافی هەرێمەكان لە بوونی یەكسانی سەربەخۆی لەگەڵ یەكتر.
٣-٤: بوونی تایبەتمەندی (اختصاصات) تایبەت بەهەرێمەكان
٤- دوالیزمی دەسەڵاتی سیاسی.
٥- رۆڵی سەرۆك لە سیستەمی پەرلەمانیدا.
٥-١: سەرۆك لە بەرانبەر پەرلەماندا بەرپرسیارێتی نییە.
٥-٢: رۆڵی نەرێتی سەرۆك لە دەوڵەتدا.
٥-٣: رۆڵی ئەرێنی سەرۆك لە دەوڵەتدا.
٦- بنەمای یاسایی سەرۆكی هەرێمی كوردستان — ئەرك و دەسەڵاتەكانی.

**١: دەروازەیــەك بــۆ بنیاتنــانی دامــەزراوی یاسای سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان:**

لەكاتێكدا ئەم پێشهاتە دەهاتە كایــەوە كــە بــەرەی كوردســـتانی هــەر لــە ســاڵی ١٩٨٨- ەوە، بــەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومــەنی نیـــشتمانی كوردســـتانی دابــوو، تــا بڕیــاری ٦٨٨ی ئەنجوومــەنی ئاســایش كــە لــە ١٥ی نیــسانی ١٩٩١ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەپێی فەسڵی حەوتەم لە بڕوانامەی UN دەرچــوو، ئەمــەش ئیلزامــی بوونی ئەم بڕیــارە بــەپێی هــەردوو مــاددەی ٣٩و ٤٠ی بڕوانامـــەی نەتـــەوە یـــەكگرتووەكان دەخاتـــە ڕوو، بــە شێوەیەك كە حكومەتی عێراق كە ماددەكان جێبــەجێ نەكات، دەكەوێتە ژێر بەرپرسیارێتی یاسایی نێودەوڵــەتی و، ئەو كاتە ئەنجوومەنی ئاسایش بــۆی هەیــە دەخالــەت بكات بۆ جێبــەجێكردنی بڕیارەكــەو وەرگــرتنی ڕێبــازی سزایی كــە لــە مــاددەی ٤١و٤٢ ی بڕوانامــەی نەتــەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە. بۆ یەكەمجار بڕیارێك وەرگیرا كــە سەركوتكردنی ناوخۆیی لە دەوڵەتدا بە هێرش و مەترسی دەزانێ بۆ سەر ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی و لەم بارەوە دێڤید ماكدونالد گوتی: بڕیاری ٦٨٨ بۆ یەكەم جار ڕێگە بەنەتــەوە یــەكگرتووەكان دەدات دەخالــەتی مرۆیــی لــە كاروباری ناوخۆی دەوڵەتێكی ئەندامدا بكــات، ئەمــەش هاوكات بوو لەگەڵ هاتنەكایەی سیستەمی نوێی جیهــان و باشـــناخبوونی بـــالای چـــەمكەكانی مـــافی مـــرۆڤ و دیموكراسی كە لە ژێر گەمەی دووجەمسەریدا دەتلانــەوە و، دواتریش شەڕی دژە تیرۆری بەسەرداهات، لەم ناوەشدا سەرۆك بارزانی كە ئەوكات سەرۆكی بەرەی كوردستانیش بوو پێشنیاری هەڵبژاردنی كردو، سەركردایەتی سیاسـیی بەرە لە ١٩٩٢/٤/٨ بەرانبەر ١٩ی نــەورۆزی ٢٦٩٢ ی كوردی دوو یاسای دەركرد یەكەمیان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی كە بــە یاســای ئەنجوومــەنی نیــشتمانی كوردستان ناسراوە، دووەمیان یاســای ژمــارە ٢ی ســاڵی ١٩٩٢ی تایبەت بەیاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوەی ئازادیخوازی كوردە، ئــەم دوو یاســایەش بوونــە خــاڵێكی وەرچەرخانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایــەتی و ئابووری و یاسایی كوردستان و سەرئەنجام كورد بــوو بــە خاوەن دەوڵەتی دیفاكتۆر، بووە ســەنتەرێكی بــەهێز لــە ناوچەكەداو تۆڕێكی فراوانی لە پەیوەندی یــە نــاوخۆیی و ناوچـــەیی و نێودەوڵـــەتی دروســـتكرد، خـــەونێكی لـــە مێژینـــەی خـــەبات و خـــوێن و بـــەرخۆدانی كوردســـتان هاتەدی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە، هەوڵ دەدەین ڕۆڵی ســەرۆك لــە سیــستەمی نوێنەرایــەتی پەرلــەمانی شرۆڤە بكەین و لەهەمان كاتدا تێگەیشتنمان بــۆ ڕۆڵــی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و لە دیــدێكی یاســاییەوە، بخەینەڕوو:

**٢: ڕێكخستن و دابەشكردنی دەســەڵاتەكان لە دەوڵەتدا:**

سیستە سیاسییەكانی ڕابــردووی دوور و زۆربــەی سیـــستەمەكانی ڕۆژهـــەڵات لەســـەر ســـەنترالیزمی دەســـەڵات دامـــەزرابوون. دوای ململانێیـــەكی زۆری نێوان لایەنە جۆربــەجۆرەكان و لوتكــەی دەســەڵات و خەڵك، دەسەڵاتیش ڕێكخستنی نوێی بە خۆوە بــینی و دابەشـــكردنی دەســـەڵاتەكان هاتـــە ئـــاراوە كـــە شێوازێكی هونەری و نەرم و نیانی سیاسی لەبار بــوو بۆ دەستــەبەركردنی ئازادییــەكان و ســنووردانان بــۆ دەسەڵاتی ڕەهای پاشا، یــان ســەرۆك لــە دەوڵەتــداو سنوورێك بۆ سەروەرێتی ڕەها دانرا.

ئـەمڕۆ، دیموکراسـی هاوچـەرخ لەسـەر بنـەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بنیاتنراوە، یان بـە شـێوەی پەیژەیی و یـەك لـەدوای یەکـە، وەك لـە سیـستەمی کۆمەڵی — نظام الجمعیة- بۆ نمونـە وەك لـە سویـسرا دەبینرێ، یان بەشـێوەی سیـستەمی سـەرۆکایەتییە، کە لەسەر شێوەی زۆری و جۆراوجۆری ئـەو دەسـتانەن کــە نوێنەرایــەتی خــەڵك دەکــەن و دەســەڵاتەکان بەشــێوەیەکی رێــژەیی ســەربەخۆییان هەیــە و لێــك دابەشــکراون، وەك لــە ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا دەبینــرێ، یــان بەشــێوەی هاوکــاری و دەخالــەتکردن و پارســەنگ ڕاگرتنــی دەســەڵاتەکان دەبینرێ وەك لە سیـستەمی نوێنەرایەتیـدا دەبینـرێ، کە خۆی لەسـەر پرەنـسیپەکانی یەکـسانی لـە نێـوان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و یاسـادانان، هـەروەها هاوکـاری هەردوو دەسەڵات، بوونی دەرفەت بـۆ کـارلێککردن و دەخالەت کردن، دامـەزراوە، ئـەم سیـستەمە کـە لـە کۆتــایی ســەدەی هەژدەهەمــەوە بەتــەواوی شــکڵی گرتووە، لە بەریتانیاوە بۆ ئەمریکا و ئەفریقیا و ئاسیا و ئوسترالیا و وڵاتانی تری ئەوروپا گوستراوەتەوە.

**٣: تایبەتمەندییەکانی دەستووری فیـدراڵی و.. تێگەیـشتن لــە هەرێمــەکان (هــەرێمی کوردستان):**

هــەر کۆمــەڵێکی سیاســی کــە لــە دواجــار بــە دەوڵــەت نــاوزەد کــراوە، لــە هەڵبــژاردنی یــەك سیستەمیشدا، وێنـە و سـیمای جیـای هەیـە، ئـەو سیـستەمە پەرلەمانییـەی لـە بریتانیـا دامـەزراوە، جیایە لە هی تورکیاو ئەویش جیایە لە هی عێـراق، دەوڵەتی نوێی عێراق کە لەسەر خواستی باگراوەنـدی شۆڕشگێری و ئۆپۆزسـیۆنی لـە ١٩٩٢ دوە، شـکڵی فیـدراڵی پەرلـەمانی کۆمـاری بـۆ خواسـتراوە. لـە ١٤/١٠/١٩٩٢هوە، پەلــەمانی کوردســـتان ئـــەم خواستەی کردۆتە داواکاری میللـی و شـەرعی مـافی چارەنووس و، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغـداش لـە ٢٠٠٣هوە، پــشت ئەســتور بــە بڕیــاری ١٤٨٣ی ئەنجوومەنی ئاسایش کـە جـەخت لەسـەر فیـدراڵیزم دەکــات و دواتــر یاســای بــەڕێوەبردنی کــاتی و دەستووری هەمیـشەیی، عیراقـی نـوێ پێناسـەکەی فیدراڵی کۆماری پەرلەمانییە، لـەم ڕووەوە دەوڵـەتی فیدراڵی شرۆڤە دەکەین و دەڵێین دەوڵـەتی فیـدراڵی، پشت بە دوو ڕاستی سەرەکی دەبەسـتێ کـە ئـەویش بوونی دوو دەسـەڵات و دوو ئەنجوومـەنی یاسـادانانە لەناو یەك دەوڵەتدا، کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ بوونی دوو دامـەزراوەی سیاسی و دەسـتووری، بـە گـوێرەی ئەمــەش دەســەڵات و تایبەتمەندییــەکان لــە نێــوان دەســەڵاتی ناوەنــدو دەســەڵاتی هەرێمــەکان دابــەش دەبێ، وێڕای دەسەڵاتی بەشداری سیاسی و یاسایـشە لە هەمووارکردنی یاسا و دەستووردا.

لە کاتێکدا کـە لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی هـەردوو پرەنسیپی سـەربەخۆیی رێـژەیی و زاتـی دەوڵـەتانی ئەندام بۆ هەڵسوڕانی کاروباری ناوخۆیی هەرێمـەکان و ڕاییکردنی تایبەتمەندییەکانی دەسـتەبەر دەبـێ و، بەگوێرەی پرەنسیپی پشکداری و بەشداری دەوڵەتانی ئەندام لەگەڵ ئەنجوومەنی بـالا دێـتە ئـاراوە، ئـەوا یاساناسـان ئـەوە پـشت ڕاسـت دەکەنـەوە، کـە لـە دەوڵەتی فیدراڵی کۆت و بەندی یاسـایی هەیـە، کـە لەسەر دەسەڵاتی ناوەندیی فیدراڵی فەرز دەکـرێ بـۆ بەرژەوەنــدی دەســەڵاتی هەرێمــەکان و دەســەڵاتە ناوچەییەکان.

لێرەشدا هەرێمە سەربەخۆیەکان (ئەگەر ئەم دەستەواژە دروست بێ)، لە هەندێ دەسەڵاتە تایبەتمەندییەکانی دێتە خوارێ لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی و باشترین نموونەش بۆ ئەمە هەرێمی کوردستانە کە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە بەغدا لە ٢٠٠٣/٤/٩ لەپاڵ دەوڵەتێکی فیدراڵی قالبی گرت، بەڵام سەرجەم بابەتەکانی تر دەبێتە دانوستان و مشتومڕ لەگەڵ هەرێمەکانی تر، کە هەریەکە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی دەگەڕێ، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە یاساناسی ناسراوی فەرەنسی دوراند دەڵێ: ئەگە جیاوازی لەم رووەوە هەبێ کە چاوەڕوان دەکرێ، ئەوا دەسەڵاتی بڕیاردان لەم بابەتانە بۆ دەسەڵاتی دامەزراوەکانی فیدراڵی ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە دەسەڵاتی دامەزراوەکانی تایبەت بەهەر هەرێمێك، کە واتە دامەزراوە فیدراڵییەکان خاوەن کۆی دەسەڵاتەکان نین لە هەموو بابەتەکان بەسەر کۆمەڵی گشتی هەرێمەکان لە دەوڵەتدا، بەڵکو دەسەڵاتی فیدراڵی سنووردار دەکرێ بە سەربەخۆیی زاتی هەرێمەکان.

کەواتە سەربەخۆیی هەرێمەکان کە لە دەستوور نەخشی دەگرێ، دەبێ لە لایەك یەکێتی دەوڵەت و لە لایەکی تر سەربەخۆیی هەرێمەکان دەستەبەربکات، دەرفەتی پاراستنی تایبەتمەندی و جۆری تایبەتی و بەرگریکردن لێی برەخسێنێ، جا ئەو تایبەتمەندییەی یە جیاکارییە نەتەوەیی، ئایینی، زمان، جوگرافیا،...هتد بێت، واتە سەروەرێتی ناوخۆی دەوڵەت دابەش دەبێت بەسەر هەرێمەکانداو، هەریەك لە هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسایی و راپەڕاندن و دادوەری خۆی دەبێ.

دەکرێ توخمە بنچینەییەکانی سەربەخۆیی زاتی هەرێمەکان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

**٣-١: بوونی ڕێکخستنی دەستووری تایبەت بە هەرێمەکان:**

هەموو هەرێمکی فیدراڵی دەستووری خۆی هەیە. ئەم دەستوورە سەربەخۆیە، و ئاماژەکانی جیان لە دەستووری فیدراڵی، بەتایبەت کە هاوسەنگ و گونجاو بێ لەگەڵ دەستووری هەرێمەکانی ترو ناوەند، بەڵام پێموایە دەستووری هەرێم دەکرێ لە هەندێ حوکم و تەنانەت لە سیستەمی حوکمڕانیش جیاوازبێت لە دەستووری ناوەند یان مەرجێکی تر. لەم بارەشەوە دکتۆر منذر الشاوی، وەکو یاساناسێکی دیاری دەستووری عێراقی پێیوایە کە دەبێ سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی هەرێمەکان لەگەڵ دەستووری فیدراڵی گونجاو بێت، نەك وەك یەك بێت لەگەڵ دەستووری دەوڵەتی فیدراڵ.

بەڵام بەلای منەوە ئەگەر جیاوازیەکی فراوانیش هەبێ لە نێوان دەستووری فیدراڵ و دەستووری هەرێمدا ئەوە ئاساییە، لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی ڕێگای فەرمانڕەوایی و سیستەمی سیاسیی هەرێمەکان، نموونەش وڵاتی سویسرایە، کە هەندێ کانتۆن –هەرێم- سیستەمی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ پیادە دەکەن و ئەوانی تریش ڕێچکەی نوێنەرایەتی (نیابی) دەگرنەبەر، و..هتد... تەنانەت، بەڵگەنەویستە کە بەحوکمی پێشینەی کلتوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوریش، یاساکانی هەرێمێك لە کۆی هەرێمەکانی تر نەچن.

هەربۆیە لە هەرێمی كوردستان كە بنەماكانی سیستەمی سیاسیمان بەپێی یاساكانی خۆمان و دەستووری پێشنیاركراویش، سیتەمێكی پەرلەمانی هەیە، بەڵام پێموایە ئەگەر كۆسپەكانی بەردەم باشتر رێكخستنی دەسەڵات و (توافق)ی ناوخۆیی كورد رێگر نەبێت، دامەزراوە یاساییە پێشنیاركراوەكان و دەسەڵات و ماف و ئەركەكانیان لەگەڵ بوونی هەندێ ئاماژە زۆر بەجوانی رێكخراوە تەنانەت، دەكرێ سیستەمێكی تر لە پەرلەمانی پیادەبكرێ. بەلای منەوە سیستەمی سەرۆكایەتی بۆ قۆناغەكانی ئایندە و بەردەوامی رەوتی خەباتی نەتەوەیی رەخساوبێ ئەگەرچی پێویستی بە لێهاتوویی زۆرو باكگراوندی رۆشنبیریی سیاسیی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵی كوردەواری هەیە.

### ٣-٢: بوونی مافی ئازادی خۆرێكخستنی هەرێمەكان:

هەرێم دەبێ، ئازادی خواستی خۆی، دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری رێبكبخات، دەتوانێ كەسی یاسایی گشتی بەگوێرەی پێداویستی خۆی كارابكات، تەنانەت رێكخستنی سیستەمی سیاسی وەك لە پێشتر وتمان، ئەو خواستەی هەیە كە لەگەڵ برگەی سەرەكی دەستووری فدراڵی ناكۆك نەبێ، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تۆ ئازادی كە چ سیستەمێ هەڵدەبژێری بەمەرجێ سیستەمی حوكم تیایدا كۆماری بێت.

لێرەشدا كۆت و بەند چ لەسەر ئازادی رێكخستنی كاروباری هەرێمەكان بێت، وەك ئەوكۆتەی لەسەرەوە باسمان كرد، كە كۆتی سەر دەسەڵاتی دامەزراندنە (السلطة المؤسسة)، یان كۆتی سەر دەسەڵاتی راپەڕاندن بێت لە هەرێمەكان.

### ٣-٣: مافی هەرێمەكان لە بوونی یەكسانی سەربەخۆیی لەگەڵ یەكتردا:

ئەمەش باسێكی یاساییە كە پەیوەندی بە باسەكەمان نییە.

### ٣-٤: بوونی تایبەتمەندی (اختصاصات) تایبەت بە هەرێمەكان:

بوونی هەڵسوكەوتێكی لەم چەشنە بەبێ ئەوەی كە دەسەڵاتی فیدراڵ رێگر بێ یان ئەو پێی بسپێرێ، بەڵكو دەبێ دەرفەتێكی راستەقینە هەبێ بۆ كار لەسەركردنی هەرێمەكان.

لە پەراوێزی ئەم خاسیەتانە بۆ سەربەخۆیی زاتی هەرێمەكانی دەوڵەتی فدراڵ، هەروەك باوە كە سەربەخۆیی دەستووری و یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری و دارایی و تەنانەت بەگوێرەی هەندێ دەوڵەت بەشێ لە بەرژەوەندی و پەیوەندی یەكانی دەرەوەش دەگرێتەوە، واتا پشكێ لەسەروەرێتی دەرەكی بە هەرێمەكانی فیدراڵی بدرێت. هەروەها بەشداری كردنی هەرێمەكان لە ئەنجومەنی هەرێمەكان لە دەوڵەتی فیدراڵی و بەشداری لە هەمواركردنی دەستووردا دەبینێ..

بەم شێوەیە، لەم باسە یاسایی یە تایبەت بە دەوڵەتی فیدراڵی و پرنسیپەكانی، كەمێك لەسەر دوالیزمی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەوەستین.

**٤: دوالیزمی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵـەتی پەرلەمانی- فیدرالیدا:**

لە دەوڵەتی پەرلەمانی فیدراڵیـدا، دەسـەڵاتێكی فیدراڵی هەیە و دەسەڵاتی هەرێمەكان هەیە. كەواتـە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دوو جۆرە فـەرمانڕەوا (حكـام) هەیە كە دەست دەگرن بە سـەر دەسـەڵاتدا، كەواتـە دوو جۆرە دەسـەڵات یـەكێكیان هـی فیـدراڵ ئـەوی تـریش هـی هەرێمەكانـە. ئەمـەش مانـای دوو دەسەڵاتی سیاسی لەیـەك دەوڵەتـدا دەگەیـەنێ، كـە دەوڵەت سادە نییە بەڵكو دەوڵەتێكی تێكەڵە.

كەواتە مانای دوانەیی دەسەڵاتی سیاسـی، واتـە لە دەوڵـەتی فیدراڵیـدا دەسـەڵاتێك هەیـە بـۆ ئـەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە و بەرپرسـیارییەتی هەڵـدەگرێ، لەتەنیشت ئەمیشدا دەسەڵاتێكی تری تایبەت هەیـە بە ناوچەیەكی دیاریكراو، كە هەرێم یان كانتۆنە یـان لە ژێر هەرناوێكی تردابێ. كە یەكـەمیان كاروبـاری دەوڵــەتی فیــدراڵی و (حكــام)ی هەرێمــەكانیش كاروباری هەرێمەكان بەڕێوە دەبەن.

كەواتــە ئەگــەر دەســەڵاتی حكـامی فیــدراڵی، پانتــایی تــەواوی دەوڵــەت بگرێتــەوە، ئــەوا هەرێمەكانیش بەشـداری لـە پیـادەكردنی دەسـەڵات دەكەن، ئەمە جگە لەوەی حكامی فیدراڵی بەشداری لە هەموو شتێ ناكەن كە تایبەت بێ بە هەرێمەكان، بەڵكو كاروباری هەرێمـەكان بـۆ سـەرۆك و حـاكمی هەرێمەكان بەجێ دەهێڵن.

كەواتە دەسەڵاتی سیاسی لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی پێكدێت لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی ناوەنـدی فیـدراڵ و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی ناوچەیی یان هەرێمی.

دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی حكوومـەتی فیـدراڵی، لـە سـەرۆك و حكوومـەتی فـدراڵ پێـك دێـت، وە لـە سیستەمی پەرلەمانیدا، یان پاشاو حكوومەت هەیـە وەك زۆر لە سیستەمە پەرلەمانییەكانی ئەوروپا، یان سەرۆكی دەوڵەت و حكوومـەت هەیـە وەك عێـراق، لەسیــستەمی فیــدراڵی ســەرۆكایەتی، هــەردوو خاسیەتی سەرۆكی دەوڵـەت و سـەرۆكی حكوومـەت لەیــەك كەســدا كۆدەكرێتــەوە وەك ویلایەتــە یــەكگرتووەكانی ئــەمریكا، یــان لــە سیــستەمی نوێنەرایەتی كۆمەڵی وەك — نظام الجمعیة- سویسرا، سەرۆكایەتی هەیە، و پەرلەمان باڵادەستە.

بەڵام دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی دەوڵەتانی ئەنـدام لـە دەوڵەتی فیدراڵیدا، لە سەرۆك پێكدێت كە زۆر جـار بە حاكمی ویلایەت ناوزەد دەكرێ.

لە ڕاستیدا هەروەك د. ثروت بدوي بۆی دەچـێ، دەبـێ دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن لـە دەوڵـەتی هـەرێم، نەكەوێتـە ژێـر چـاودێری و ڕاسـپاردەی دەسـەڵاتی فیـدراڵی، چـونكە ئەوكاتـە دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ دەوڵەتی سادەو ساكارو یەك دەسەڵاتی.

لـە پـەراوێزی ئەمـەدا، بـۆ زانیـاری پێویـستە بگوترێ كە سیستەمی پەرلەمانی هەیـە كـە تیایـدا سەرۆك باڵادەستە، یان دەسەڵاتی ڕاپەڕانـدن تیایـدا باڵادەستە، یان دەسەڵاتی یاسادانان تیایدا باڵادەست دەبێـت.

**٥: ڕۆڵی سەرۆك لە سیستەمی پەرلەمانیدا:**

سیـستەمی پەرلـەمانی، سیـستەمێكی مـام ناوەندییـە لـە هاوسـەنگی و یەكـسانی لـە نێـوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردندا. كـە

پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەردەگرێ و بۆتە باو، زۆر جار بەهەڵە لێی تێگەیشتووین، چونکە لە بواری پراکتیکیدا شتێك نییە ناوی لێکجیاکردنەوە بێ بەمانای وشە و ئەمەش لە واقیعەوە دوورە، لە بنەڕەتیشدا ڕەئی جان جاك ڕۆسۆ ئەوەبووە، بەهەڵە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گواسترایەوەو، ئێستاش لە هیچ شوێنێ لێکجیاکردنەوەی ڕەها نییە لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان لە هیچ سیستەمێکی سیاسیدا، بەڵکو لە پلەدا جیاوازی هەیە لە ڕاددەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی جیاواز و دەوڵەتاندا بەگشتی.

کەواتە کە هاوسەنگی و هاوکاری و یەکسانی هەبوو لە نێوان دەسەڵاتەکاندا، ئەوا ئێمە لەبەردەم سیستەمێکی پەرلەمانی داین و بزانین ئایا یەکێ لە پایە گرنگەکانی کە دوانەیی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە، چۆن بەڕێوە دەچێ و بە کورتی لە تیۆرەکانی دەدوێین.

هەروەك باسمانکرد کە دەوڵەتە پێکهاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، ڕاستەوخۆ دەبنە خاوەنی سەروەریتی ناوخۆ، دەبنە خاوەنی سەردارێتی ناوخۆ شان بەشانی دەوڵەتی یەکگرتووی ناوەند. هەر ئەم دووفاقییەش لە کارایی ڕاستەوخۆی ڕووکارەکانی سەردارێتی ناوخۆ، کە دەسەڵاتە گشتییەکان لە دەوڵەتدا دوانە دەکات، ئەگەر جارێکی تر نموونەیەکی وەك ئەڵمانیا بێنینەوە یاد کە هەر هەرێمێك دەستوورێکی تایبەتی هەیە کە دەبێ لەگەڵ ڕێسا بنچینەییەکانی یاسای بنەڕەتی دەوڵەت کۆك بێت، ئەویش ئەو ڕێسایانەیە کە سیستەمی کۆماری دیموکراتی و سەروەرێتی یاساو هەماهەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر بنیادنراوە، جگە لەمە هەر هەرێمێك ئازادی ڕەهای هەیە کە دەستووری خۆی بەو شێوەیەی کە دەیەوێت، دابڕێژێت.

هەرسێ دەسەڵاتی گشتی، کە خۆیان لە سەروەرێتی ناوخۆیی هەرهەرێمێك - دەنوێنن لە وانەش دەسەڵاتە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان — کە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییە، لەناو ئەمانەدا دوالیزمی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن شرۆڤە دەکەین. هەروەك گوتمان بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە کە ناوەندو سەنتەری سەرۆکی دەوڵەت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی لە پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی حوکمدا لە سیستەمی پەرلەمانیدا دەخەنە ڕوو، لەوانە هەیە ڕۆڵی سەرۆك بە نێگەتیڤ باس دەکات و هی تریش هەیە کە بە ئیجابی لێی دەدوێت. هەیە ڕۆڵی سەرۆك دیاری دەکات بە بنیاتنان لەسەر خودی کرۆکی سیستەمی پەرلەمانی کە وەزارەت بە میحوەری سەرەکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دێتە ئەژماردن.

لە ڕاستیدا بۆچوونی د.منژرالشاوی، هەمان مانا بەڵام بەدەستەواژەی جیاوازەوە دەڵێ کە، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی پەرلەمانی لە نێوان سێ توخمە دەسەڵاتە: تاك (سەرۆك)، لیژنە(وەزارەت) و ئەنجوومەن (پەرلەمان)، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتەکان هەریەکە بەرووی ئەوی تر بوەستێ و سێینەیە، چونکە تاك و لیژنە بەشێکی دەسەڵاتیان هەیە و ئەنجوومەنیش بەشەکەی تر. وە تاك و لیژنە کاتێ دەسەڵات پیادە دەکەن، مانای ئەوە نییە تێکەڵ بوون و (إندماج)یان

هەیە، بەڵکو هەریەکەیان بەجیا دەمێنن و ئەم سەرو ئەوسەرن، نەك هەردووکیان یەك قەوارەن.

لە دوانەیی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا، سەرۆکی دەوڵەت بەرپرسیارێتی لەسەر نییە، دەخەنە بەرباس و لە دەرفەتێکی تردا، وەزارەتێکی تری بەرپرس لەبەرانبەر پەرلەماندا شرۆڤە دەکەین.

**٥-١: سەرۆك لە بەرانبەر پەرلەماندا بەرپرسیارێتی نییە:**

سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمی پەرلەمانیدا، سەرۆکی حکوومەت نییە، هەربۆیە سەرۆکی دەوڵەت پاشا دەبێ یان سەرکۆمار دەبێ، بەگوێرەی ئەو سیستەمەی کە لە دەوڵەتدا پیادە دەکرێ.

یاساناسان لەسەر ڕۆڵێکی دیاریکراو بۆ سەرۆك لە سیستەمی پەرلەمانیدا کۆك نین، هەندێکیان ڕۆڵێکی نەرێنی پێ دەدەن و هەندێکی تریان پێانوایە ئەکتیف و ئەرێنییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە سیستەمی پەرلەمانی ناکۆك نییە لەگەڵ کارا و بەشداری سەرۆکی دەوڵەت لەگەڵ وەزارەت لە بەڕێوەبردنی ئیشتوکاری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، وەکو لە خوارەوە لێی دەدوێین:

**٥-٢: ڕۆڵی نەرێنی سەرۆك لە دەوڵەتدا:**

ئەم ڕێچکەیە پێیوایە ڕۆڵی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمی پەرلەمانیدا هیچ دەسەڵاتێکی کارای ئیجابی لە بەڕێوەبرنی کاروباری حوکمڕانیدا نییە، بەڵکو مەرکەزێکی ئەدەبی و شەرەفی هەیە، لەم بارەدا وەزارەت —حکوومەت- لێپراساوێتی هەیە و ئەویش حوکم دەکات.

بەگوێرەی ئەو ڕێسایەش کە دەڵێ دەسەڵات لە کوێ هەبێ بەرپرسیارێتی لەوێ هەیە، کەواتە ئاساییە بەگوێرەی ئەم بۆچوونە سەرۆك هیچ دەسەڵاتێکی فیعلی نەبێ، زیاتر کاری ئامۆژگاری و ڕێنوێنییە و سەرپەرشتیارو حاکمی باڵای دەسەڵاتەکان لە بواری ئامۆژگاریی و سەرداریێتی و ڕێنوێنی تەشریعاتی.

**٥-٣: ڕۆڵی ئیجابی (ئەرێنی) سەرۆك لە دەوڵەتدا:**

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە پێیانوایە ناکرێ لایەنی نەرێنی ڕۆڵی سەرۆك لە بواری عەمەلیدا قبوڵ بکرێ، بەوەی کە سەرۆکی دەوڵەت — ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە بەرپرسیار نەبێ- بەڵام دەستوور کۆمەڵێ بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆ، کە پێویست بە ئالیەتێك دەکات و لەسەروویانەوە ئەو سوێندەی کە بۆ ڕێزگرتن لە دەستووری دەوڵەت و یاساکانی خواردوویەتی، ڕێزی لێ بگرێت. لە لایەکی تر لە سیستەمی پەرلەمانیدا هیچ ڕێگرێك نییە لەوەی کە سەرۆکی دەوڵەت بە ڕۆڵێکی فیعلی ئیجابی هەبێ و بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی بکات.

لە لایەکی تر ئەم ڕێبازە پێیوایە مادام پەرلەمانی فیدراڵی لە دوو ئەنجوومەن پێکدێت، ئەوا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە دوو ئەنجوومەن پێکدێت، و دەستەیەکی دوانەیی کارا دەبن، لە لایەکی تر ڕۆڵی کارای سەرۆك سنوورێك بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی وەزارەت (حکوومەت) دادەنێ و ئەمەش کارێکی باشەو سنوور بۆ سەرکوتکردن دادەنێ.

لەلایەكی تر زۆربەی هەرەزۆری دەستوورەكان باس لەوە دەكەن كە ڕۆڵی سەرۆك لە چەندین كاری بەجێو كارا دەردەكەوێت لەوانە:

دەربڕینی مافی نارەزایی و وەستانی دەرچوونی یاساو ڕەتكردنەوەی، مافی دەركردنی (اصدار) یاسا، مافی لابردنی وەزیر، دیاریكردنی سەرەك وەزیران كە زیاتر دەبێ لەو لیستە دیاری بكات و ڕای بسپێرێ كە زۆرینەی دەنگەكانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، لەگەڵ هەڵەشاندنەوەی- ئەنجوومەنی نوێنەران و هەروەها داوەتكردنی بۆ گرێدان و، لەلایەكی تر مافی واژوكردنی هەیە لەگەڵ سەرەك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند، لە زۆربەی حاڵەتەكانیشدا سەرۆك یان لە ناو پەرلەمان یان لەڕێگەی دەنگدانی هاوڵاتیانەوە حوكم دەگرێتە دەست.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسانەی سەرەوە پێمانوایە كە —سەرۆك لە دەوڵەتدا و لە سیستەمی پەرلەمانیدا— ڕۆڵێكی كارا لەسەر ئاستی سەرەوەرێتی دەرەكی دەوڵەت و لەسەر ئاستی كۆمەڵێ تایبەتمەندی و دەسەڵاتی فیعلی سەردارێتی ناوخۆ دەبینێ.

**٦: بنەمای یاسایی سەرۆكی هەرێمی كوردستان — ئەرك و دەسەڵاتەكانی:**

بۆ یەكەمجار لە ناوچەكەدا، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیاو دوای ڕاپرسییە شكڵییەكانی سەردەمی كۆمەڵی گەلان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی —بەغدا-ی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو، كورد هەڵبژاردنێكی مێژوویی میللی شەرعیەتئامێزی لە ڕۆژی سێشەممە ١٩٩٢/٥/١٩٩ بەڕێوەبرد، كە لە ژێر چاوی كامێراو چاودێرانی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو.

هەر لەو ڕۆژەداو، بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی، یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد، سەرۆك بارزانی لە پێشەوەی هەمووان بوو، ڕێژەی ٤٧,٥٪ ی دەنگەكانی هێنا كە دەیكردە ٤٦٦ ٨٧٩ دەنگ..

كورد، بەهۆی مەسەلە سیاسییە بەرتەسكەكان كە پێویست نییە لە ئەمڕۆدا باس بكرێن، نەیتوانی ئەم پۆستە گرنگە یاساییە مێژووییە كارا بكات، بەداخەوە دەرفەتێكی زێڕین لەدەست چوو. چونكە ناوەندی گوتاری سیاسی و هەڵوێست و بڕیا وەرگرتن لە چوارچێوەیەكی یاسایی، شكڵی خۆی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی زیاتر دەگرت و زووتر كیانی نەتەوەیی دەچەسپا، شەرعیەتی كیانی سیاسی و خەباتی یاسایی ئازادیخوازانە نوێدەكرایەوە، ناومالی كورد ڕێكدەخرا، بەرپرسارێتی مێژوویی دیاری دەكرا، دەیتوانی مێژووی كورد و كوردستان بە شێوەیەك تۆمار بكات، كە دۆست و دوژمنان بەڕۆڵی كورد لە ناوچەكەو لە هەرێمدا سەرسام بكات و ڕێگەش لە پەرتەوازەیی و، بە هەدەربردنی تواناو وزەی سیاسی نەتەوەیی بگرێو، پێش بە ئاشوب و ئاژاوە بگرێ، چالاكی — ستراتیژی نەتەوەیی و دیموكراتی و خەباتی دیپلۆماسی كارا بكات، لە لوتكەی بەدیهێنانی مافی نەتەوەییمان نزیك بكاتەوە.

هەرچەندە هەروەك پەرلەمانتاری بەریتانی تۆم كلارك و گەلێ لە سەركردەو ناوەندە سیاسی و یاساییەكانی نێودەوڵەتی و ناوەندە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ، لە چەندین بۆنەدا دووپاتیان دەكردەوە، كە سەرۆك بارزانی ئەو سەركردەیەیە كە هەموومان پێی

سەرسامین. جێنەگرتنی ئەو هەڵبژاردنەش ڕێگر نەبوو لەوەی کە سەرۆك بارزانی کیانی سیاسی هەرێمی چەسپاندو لە دیدێکی عەقڵانییەوە، دوور لە مساوەمەو موجازەفە، بەڕووی کۆسپەکانی ناوخۆ و دەرەوە وەستایەوەو، کیانی کوردی کردە واقیعێکی چەسپاوی نێو دەوڵەتی و لەم رووەوە سەرنج دەدەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لە ڕووی یاساییەوە، یاسای هەڵبژاردنی ژمارە٢/١٩٩٢ ڕۆڵی ڕابەری بزاڤی کوردی زۆر باش دیاری کردووە، کە لە ماددەی یەکەمدا ئەك و بەرپرسیارێتی ئاخافتنی پێبەخشیوە کە بەناوی گەلی کوردستانەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بئاخڤێ، کە ئەمەش بۆ بزووتنەوەیەکی کوردی هەمەڕەنگ و، بۆ نەتەوەو خاکێکی بەزۆر دابەشکراو — ئەرکێکی گەلێ مەزن و پیرۆزە، هەم نەیارانی کورد کە مەبەستیان بوو، دەزانن و دەتوانن چۆن لەگەڵ کورد بدوێن، لەلایەکی تر بەرپرسیارێتی پێشهاتە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ و بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەکات.

ئەم ئەرکەش ڕێگە لەگەڵ حوکمی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ بەناوی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، و زیادکردنی ئەوەی کە سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، گونجاوە هەروەها ماددەی دووەم و زیادکردنی ئەوەی کە سەرۆك هەماهەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمدا دەکات.

**دووەم:** لە بەشی سێیەم، ماددەی هەشتەمدا باس لەوە دەکات کە ئەوکەسە بەسەرکەوتوو دادەنرێت کە توانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی هێنا، بەڕای من پێویست بوو سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو کاتەدا پێویستی تەنها بە سەرکەوتنی کەسێك بوو کە زۆرینە بێنێ، نەك زۆرینەی ڕەها، واتە(٥٠+١)ی کۆی دەنگەکان، هەرچەندە خودی سەرۆك بارزانی دەنگی یاسایی تەواوی هێنا بۆ سەرکەوتن و تەنها لەبەر یەکێتیی ڕیزەکان و بەرژەوەندی سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەو هەنگاوە نەهاوێژرا. ئەمەش لە بەشی سێیەم ماددەی هەشتەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەرکراوە کە زۆرینەی سادەیە.

**سێیەم:** لە بەشی چوارەم (کە باس لە دەسەڵات و ئەرکەکانی ڕابەر دەکات) لە ماددەی نۆیەمدا سوێندێکی یاسای بەجێ لەئاستی پاراستنی کیانی کوردی نووسراوە.

**چوارەم:** ماددەی دەیەم کە پەیوەندی سەرۆك بە دەسەڵاتی یاسادانان دیاری دەکات چەندین ئەرکی یاسایی نووسراوە، کە بۆ بارودۆخی ئەوکاتە زیاتریش بایە گونجاو بوو، چونکە لە دوێنێ و لە ئەمڕۆش و بۆ ئایندەش، باشتروایە ئەگەر سیستەمی سەرۆکایەتی (نظام رئاسي) پیادەنەکرێت، ئەوا دەسەڵاتە گشتییەکانی کوردستان تێکەڵ بن لە سیستەمی سەرۆکایەتی و سیستەمی پەرلەمانی، یان هەر بۆیە لە دیارترین پەیوەندییەکانی سەرۆك بە دەسەڵاتی یاسادانانەوە هاتووە کە، داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکات بۆ دەورە ئاسایی و نائاساییەکان، هەروەها ئەو ڕێککەوتننامانەی کە ئەنجوومەن دەیانبەستێ و ئیمزایان دەکات، ئەو یاساو ڕێنماییە یاساییانە دەردەکات کە ئەنجوومەن موافقەیان لەسەر دەکات، لەکاتی پشووی پەرلەمان، یان لە باری نائاسایی، بڕیار دەردەکات کە هێزی یاسایی دەبێ تا ئەو کاتەی دەدرێتە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن، پێشنیاری پرۆژەی یاسایی دەکات، هەروەها داوای هەڵبژاردنی

ئەنجوومەن دەكات لە دوای كۆتایی هاتنی ١٥ ڕۆژ لە تەواو بوونی ماوەی ئەنجوومەن یان دەرچوونی بڕیارێك لێیەوە بەهەڵوەشاندنەوەی خودی ئەنجوومەن.

یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆكایەتی هەرێم، بەشی چوارەم، ماددەی (٩) باس لە ئەرك و دەسەلاّتەكانی سەرۆكی هەرێم دەكات لە چوارچێوە گشتییەكەیدا، جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە لە پەیوەندی سەرۆك بە دەسەلاّتی یاسادانان یان هێزی یاسایی بڕیارەكانی سەرۆكی هەرێم، جگە لە هەندێ لایەن كە پەیوەندی بەكاتەوە هەیە، جگە لە ڕوونكردنەوەی زیاتر لە ماددەی ٩ی بڕگەی چوارەم سەبارەت بە دەركردنی مەرسوم و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی، كە هاتووە، ئەگەر لە نیوەی زیاتری ئەندامان دەستیان لە كاركێشایەوە، ئەگەر بانگێشتی كۆبوونەوە كرابێ و لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا نیسابی یاسایی بەدەست نەهێنا، ئەگەر ئەنجوومەن بۆ سێ جاران لەدوای یەك متمانەی نەدایە ئەنجوومەنی وەزیران، یان ئەگەر پەیڕەوی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن گۆڕاو خولی تەواوبوونی ماوەكەی كەمتر لە شەش مانگی مابوو.

لە ڕاستیدا ئەم دەسەلاّتانە بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان — عێراق، لە دەروازەی سێیەم-بەشی دووەم- دەسەلاّتی ڕاپەڕاندن، یەكەم، سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە ماددەی (٩٩)ەوە بەدواوە بەشێوەیەكی یاسایی ڕێكوپێك هاتووە، كە گونجاوە لەگەڵ واقعی حاڵی كوردستان و بەلای منەوە سیستەمی سیاسیی هەرێمی كوردستان نیمچە تێكەڵ بێت لە نێوان سیستەمی سەرۆكایەتی و سیستەمی پەرلەمانی. ئەگەر بە پەرلەمانیش ناوزەد بكرێ ئەوا بۆچوونی ڕۆڵی ئەرێنی سەرۆكی بەسەردا دەچەسپێ.

لە پەراوێزی ئەم باسەدا و لەو بەشەی كە پەیوەندی بە دەسەلاّتەكانی سەرۆكەوە هەیە لە هەرێمی كوردستاندا، دەخوازم تیشك بخەمە سەر هەندێ بۆچوونی یاسایی كە هەندێ لە —یاساناس و ڕۆژنامەنووس لە كوردستان، لەكاتی دەرچوونی یاسای ژمارە١ی ٢٠٠٥، هەڵوێستەیان لەسەركرد. لەوانە:

سەبارەت بەو بۆچوونانەی كە لەسەر بڕگەی پێنجەم لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆكایەتی هاتووە، بەرانبەر بڕگەی ٧ لە ماددەی ١٠٤ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق لە ٢٠٠٦/٨/٢٢، سەبارەت بە دەسەلاّتی سەرۆكی هەرێم لە دەركردنی هەندێ فەرمان كە هێزی یاساییان هەیە.....هتد، دەڵێین:- ئەم جۆرە فەرمانانە پێی دەگوترێ (لوائح الضرورة) كە لە حاڵەتی پێداویستی دێتە كایەوە، و سەلامەتی گەل لەسەروی هەموو یاسایەكەوە ئیعتبار دەكرێ، كە ئەمەش لە بنەڕەتدا لە ڕێسایەكی ڕۆمانی كۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، كارێكی گونجاوو بەهێزە بە سیستەمی سیاسی و یاسایی هەرێمیش پەرلەمانی بێت.

لە لایەكی تر ئەم بڕگەیە دوو كۆتی بۆ دانراوە، یەكێكیان دوای گفتوگۆكردن دێت لەگەڵ هەردوو سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیران، دووەمیان دەبێ دواتر بڕیارەكان بدرێتە پەرلەمان و قبوڵیان بكات، ئەگەر نا سیفەتی یاساییان نامێنێ، ئەمە جگە لەوەی كە هەرێمی كوردستان دەبێ باری وابێ كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەنجام نەدرێ.

**پێنجەم: لە پەیوەندی ڕابەر لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن**

هەروەك لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی٩٢ هاتووە کە جگە لەو لایەنانەی کە پەیوەندی بەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەیە، ئەوا بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران، لە ماددەی ١١ هاتووە کە سەرۆك مافی دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن و لەکار لابردنی خاوەن پلەدارە تایبەتی و گەورە بەرپرسانی حکوومەت و فەرمانبەرانی هەیە بە قبوڵکردن و واز لێ هێنانیشەوە، لە سەر پێشنیاری لایەنی پەیوەندیدار، هەورەها دانانی ڕاوێژکارو لابردنیان بۆ خۆی، موافقەتکردن و تەصدیقکردنی حاڵەتەکانی لەسێدارەدان یان سووككردنی سزاکە، هەروەها هاتووە کە بە هاوبەشی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن سیاسەتی گشتی کوردستانی عێراق دادەڕێژێ.

لە یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێم، هەندێ دەسەڵاتی بەجێو یاسای زیادکراو کە پێکهاتوون لە بڕگەی شەشەم لە ماددەی ١٠ سەبارەت بەدەرکردنی لێبوردنی تایبەت بۆ زیندانیان و لە پرۆژەکەدا (محکومین) هاتووە بەپێی یاسا و، بڕگەی هەشتەم سەبارەت بە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بەپێی یاسایەکی تایبەت، هەروەها بڕگەی ١٠ کە سەرۆکی هەرێم بەرەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم دەتوانێت ڕێگە بە هاتنی هێزی سەربازی حکوومەتی فیدراڵ بدات.

ئەم بڕگەی دوایی لە ماددەی ١٠٤ی پرۆژەی دەستووری هەرێم لە ٢٠٠٦/٨/٢٢، لە بڕگەی ١٢ی عەرەبیەکەیدا هاتووە، بەڵام لە کوردییەکەی نەهاتووە، ئەویش جگە لە هێزی سەربازی حکوومەتی ئیتیحادی– یا هەر یەکەیەکی سەربازی تر- زیاد کراوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان.

هەروەها لە یاسای ژمارە(١) دا هاتووە جگە لەو فەرمانانەی کە پەیوەندی بە وازهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێ لە وەزیرەکان یان داوا لێکردنیان بەوەی بەردەوام بن تا وەزارەتێکی نوێ پێکدێت، ئەوا بەپێی بڕگەی (١٣) لە ماددەی ١٠٤، مافی دانانی خاوەن پلە تایبەتیەکانی هەیە لەسەر داوا یاخود دەست نیشانکردنی لە لایەن وەزیری تایبەتمەندو ڕازیبوونی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

هەروەها لە بڕگەی ١٤دا، سەرۆك مافی دانانی حاکم و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی هەیە پاش کاندیدکردنیان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە. لە بڕگەی (١٥)دا، مافی پێدانی پلەی سەربازی بە ئەفسەرانی سوپای هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەرکردنیان لە خزمەت و خانەنیشینکردنیان بە پێی یاسا هەیە. لە بڕگەی ١٦دا، مافی پێدانی سەربازیان بە پێی یاسا هەیە.

لە ماددەی ١٢ی یاسای ژمارە ٢ی/١٩٩٢، وە لە ماددەی ١٣ی یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥دا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەبێت. لە بڕگەی ١٣ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق لە ٢٠٠٦/٨/٢٢دا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم، بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بۆی هەیە هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت.

لەسەر ئەو باسانەی سەرەوە، لەکاتی دەرچوونی یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥دا، هەندێ کەس تێبینیان لەسەر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەبوو بۆ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، لەم ڕووەوە، ئەم سەرنجانە وەك وەڵامی یاسایی دەخەینە ڕوو:

١- لە یاساکەدا هاتووە کە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بە یاسا ڕێکدەخرێت، باری نائاسایش بێ گومان حاڵەتەکانی شەڕو داگیرکردن و هەڵگەڕانەوەو پشێوی و ئاڵۆزی و کارەساتی سروشتی نەخۆشی درم و پەتا، یان هەر حاڵەتێکی تری لەم بابەتەیە، ئەگەر نا چەمکی (حالة الطوارئ- باری نائاسایی) چ مانایەکی تر دەگەیەنێ. هەرچەندە ئەمانە لە بڕگەی ١٠ی ماددەی ١٠٤٧ی پڕۆژەی دەستووری ٢٠٠٦/٨/٢٢ دا هاتووە، کە پێموایە زیادەیە، بەڵام ئەو بڕگەیە باشە کە پێویستی بە موافەقەتی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان هەیە کە لە ٣ مانگ زیاتر نەبێ بۆ هەر درێژکردنەوەیەك و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٢- لە ڕاستیدا لە دەوڵەتی یاساو دیموکراتیدا، بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کۆت و بەندی باری نائاسایی پیادە دەکرێ، کە ئەوانیش لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون، لەوانە ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، کە دەوڵەتیش پابەند دەبێت بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەوا دەبێ حوکمە تایبەتی و کۆنی سەر ماف و ئازادییەکان لە بەرچاو بگیرێ و هاوڕێك بێت لەگەڵ پرنسیپ و یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان مافی مرۆڤ.

هەروەها یەکێ لە ڕەخنەکانی تر مەسەلەی هێزی سەربازی و قبوڵکردنی هاتنەناوەوە یان ناردنە دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، کە پێیانوایە ئەم دەسەڵاتە دەستووری نییەو ناکۆکە لەگەڵ ماددەی ١٠٧ی دەستووری فیدراڵی، ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین:- پێویستە بزانرێ هەر بە پێی دەستوور هێزی فیدراڵی بۆی نییە بێ موافەقەتی پەرلەمانی کوردستان بێتە ناو کوردستان، کاتێ ئەم بابەتەش دێتە ناو دەستوورو یاساکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دامەزراوە یاساییەکانی کوردستان ئازادن لەوەی کە چۆن ئەم بوارە ڕێکدەخەن. لە لایەکی تر دەستوور مافی بە هەرێمی کوردستان داوە کە (پاسەوانانی هەرێم و سنووری) هەبێ، ئەمەش لە چوارچێوەی داننانە بە شەرعیەتی سەرباز و ئازادی لە ئەرك پێ سپاردنیان.

لە کۆتاییدا دەڵێین بڕگەی حەڤدە لە ماددەی (١٠٤) زیادکراو کە باس لە دەرکردنی فەرمان دەکات لەلایەن سەرۆکی هەرێم بە دامەزراندنی مەکاتبی تایبەتی بە هەرێم لە قونسوڵ و سەفاراتی عێراقی لە دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان. بەستنەوەی ئەم کارەش لەم قۆناغەدا بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە کارێکی گونجاوە.

بێ گومان باسێکی لەم چەشنە پێویستی بە وردەکاری و سەرنج و ڕامانی زۆر هەیە... بەڵام ئەوە دووپات دەکەینەوە کە ڕۆڵی دەوڵەت لە سەردەمی جیهانگیریشدا هەرکارایە، تا ئێستاش تاکە سوبێکتی کارای یاسای نێودەوڵەتی هەر دەوڵەتە، بۆ سیستەمی پەرلەمانیش ڕۆڵی ئیجابی

سەرۆك ئەو پەڕی لۆژیك و دووربینی یاسای تێدایە، بۆ قەوارەی کوردیش ئەم ڕاستییەو ئەم پێداویستییە تا سەرفرازی یەکجارەکی چەند جار خۆی فەرزدەکات.

چونکە ئەوە سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠٠٦/٩/١٥، پێشوازی لە ژەنەراڵ جۆزێف رالستۆن، نێردراوی تایبەتی حکوومەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری کورد دەکات، بۆ گفتوگۆ لە نێوانی واشنتۆن و بەغدا و ئەنقەرە، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد. ئەوە سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠٠٦/٨/٨ دا، بۆ دەنگی ئەمریکا دەڵێ دەوڵەتانی دەوروبەر دەبێ بە تاوان و گوناهی نەزانن کە کورد باسی سەربەخۆیی بکات، ئەوە سەرۆکی هەرێم سەرۆك بارزانییە کە لە ٢٠٠٦/٨/٣١دا، ئاڵای کوردستان، سیمبوڵی شەرەفی کوردان دەکاتە ڕەمزی نەمری بۆ ئێستاو ئایندەی دەوڵەتی کوردستان.

## سەرچاوەکان


١- د. عثمان خليل، القانون الدستوري، مطبعة مصر شركة مساهمة مصرية، ١٩٥٦.

٢- د. إبراهيم عبدالعزيز شيما، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف بالأسكندرية، ٢٠٠٥.

٣- د. عادل الطبطبائي، النظام الاتحادي في الامارات العربية، ١٩٧٨.

٤- د. عبدالغني بسيوني عبدالله، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، مطبعة السعدني، ٢٠٠٤.

٥- د. منذر الشاوي، القانون الدستوري، نظرية الدولة، بغداد ١٩٨١.

٦- د. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ١٩٨٧.

٧- دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لحقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ط١، ٢٠٠٥

٨- د. نزيه رعد، القانون الدستوري العام، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

٩- د. اسماعيل الغزال، القانون الدستوري، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

١٠- عبدالفتاح عبدالرزاق مبدأ عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١، اربيل ٢٠٠٣.

١١- یاسای ژمارە ١ و ژمارە ٢ی بەرەی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢، یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق لە ٢٠٠٦/٨/٢٢.